# چلەی زستان دەشتی



چلەی زستانە چاوی من دەبارێنی غەمی دووری
دەڕێژی هەوری غەم ماتەم نشینم بەروە ڕێ سوری

دلم خەڕاتی دۆخی غەم ملم قەیتانە بۆ دەوری
لە دەوری وەردە سوڕانی لە نێو گێژایە دەستووری

قەدت بەیداغ و داغێکە لەداغستانی جەرگم دا
لە جەرگی بێ ڕەگم مەرگە موسافیرخانەتەندووری

لە باغی سینەدا جارێ ئەگەر سینەم خوناوی بێ
هەتا خوێنی دووچاوم دێ دەکەم تەحمیدی فەخفوری

خوداکاری بکا دلبەر بەسەر رووما پیاسەت بێ
فیداکاری هەیاسەت بێ سەرم بۆنامی مەعزوری

بە موژدەی کوشتنم میننەت لە من ناغافیلی ئەمما
بەئەفسانەی ڕەقیب باقی نەما بۆڕۆژی مەجبووری

لەهەرلا دەنگی گریان و فیغانم حیس ئەکەن عالەم
دەسا جارێ بلێ دەشتی لەبەرچی مات ومەخموری

*

لە گەڵ ڕێزو و خۆشەویستیمان دا بە هیوام کە بەم شێوەیە تەواوی هۆزانەکانی شاعیرو زانای مەزنی کورد نەمر دەشتی لێرەدا بڵاو بکەینەوە و گیانی پاکی دەشتی نەمر بە خوێندنەوەی هۆزانەکانی شاد بکەین و هەموو ئەو شیعرانەی کە لە دیوانەکەی دایە بەم جۆرە پێشکەشی خوینەرانی ئازیزی کورد بەکەین لە گەل ڕیزمان دا.

ئەحمەد دەشتی 14.7.2005